# تۆ مەچۆ بۆ شەڕ

**ماردین ئیبراهیم**

**بۆ لازۆ**

که شـەڕ هەڵگیرسا،
دڵی دەزگیرانەکەم وەک زەنگێک بە کڵێسایەکدا دادەکوتم
لەباری دەبەم نیەتی پیاوچاکان
تاڵانی دەکەم گەنجینەی شاران
پشت دەکەمە مسگەرەکان
نەفرەت دەکەم لە گۆزەگەرەکان
ژەهر دەکەمە پیاڵەی لاوکبێژەکانەوە
دەنگخۆشان فەرامۆش دەکەم
خەتخۆشی دەکەم بە گوناه
نیگارکێش و پیاوکوژان پێکەوە دەنێمە زیندان
من پیاوێکی بەدخوم،
میسک و عەنبەر ناناسم
بۆنی زەعفەرانم لە یاد چۆتەوە
بەهاراتفرۆشەکان دەدەم لە دار
بادەگێڕەکان دەکەم بە خۆڵی سەر مەزار
......
که شەڕ هەڵگیرسا تۆ مەچۆ بۆ شەڕ
که هۆلاکۆ هێرشی هێنا تۆ بەرگری مەکە
تۆ دەست بەسەری هەورەکاندا بێنە
تۆ نازی پشیلەکان هەڵبگرە
که ئێوارەیەک منت بیرکەوتەوە،
ئەستێرەکان بژمێرە
که ئێوارەیەک تۆم لەیادکرد،
خوایە بەر تیری زاڵمان کەوم
.....
لەبەر خاتری من تۆ مەچۆ بۆ شەڕ

لەبەر خاتری من لەسەربان بخەوە
لەبەر خاتری من سەیری کشانی نەیزەکەکان بکە
کەشەڕ هەڵگیرسا با من لە جوانی بێبەش بم
بەڵام تۆ بچۆ لە سەربان بخەوە
با کەسێک هەبێت سەیری هەورەکان بکات
با کەسێک هەبێت ئەستێرەکان بژمێرێت
تۆ مەچۆ بۆ شەڕ
بۆ خاتری ئەستێرەکەی سەر 'مەککە'
بۆ خاتری فەقێکانی 'یەزد'
بۆ خاتری جزمی 'عەممە'
....
من پیاوێکی بەدخووم
کە شەڕ هەڵگیرسا ڕادەکەم بۆ شەڕ
بە تفەنگەکەم تاقگەکان دەترسێنم
ماڵەباجێنەی هەورەکان تێکدەدەم
خوا بەناو ئەستێرەکاندا ڕاودەنێم
بەڵام تۆ مەچۆ بۆ شەڕ
با کەسێک هەبێت منارەکان بژمێرێت
با کەسێک هەبێت دەست بەسەری گومبەزە هەتیوەکاندا بێنێت
.....
ڕۆژێک دێت کەس ئاگای لە کەس نامێنێت
من پەست دەبم بە مناڵی خەوتوی ناو جۆلانەکان
کە شەڕ هەڵگیرسا تۆ لەیادم کە
بەکەس مەڵێ تۆفانێک لە ناو مندایە ژیر نابێتەوە
باکەس نەزانێت لەناو ڕەحمی بورکانێکدا ڕاکشاوم
لە یادەوەری خۆت دەرمبێنە
وەک چۆن پاشاکان نقێم لە ئەنگوستیلەکانیان دەردێنن
وەک چۆن خوا یونسی لە سکی نەهەنگێک دەرهێنا
با حاشام لێبکات هەڵمی دارستان
با حاشام لێبکەن شەوە درێژەکانی زستان
....

پەنگرەکانی فیتنە دەگەشێنمەوە
شەڕ دەبەمە ماڵی دۆستەکانم
وەک ماری ئاوی لەناو قەوزەدا ڕادەکشێم
کوشتنی دیلەکان بە خۆم دەسپێرم

تۆ بچۆ سەر لوتکەی شاخێک هەورەکان باوەشێنکە
تۆ بچۆ گۆڕستانێک، گۆڕەکان ئاوڕشێنکە
با کەسێک هەبێت حەوشەی ماڵی مردووەکان ئاوڕشێنکات
با کەسێک هەبێت هەورە تادارەکان باوەشێنکات
......
جەنگێکی گەورە دەقەومێت
خزمەکانم لە سەر کوشتنی دیلەکان دەبێتە شەڕیان
بەیانی‌یەکی زووی جەژن،
خزمەکانم
وەک خێڵێکی وەحشی لەدەوری جەنازەیەک هەڵدەپەڕن
.....
شەڕێکی گەورە دەقەومێت
وڵات پڕدەبێ لە پەیکەری ناپاکان
دوو ژن تەرمێک بەناو تەمدا ڕادەکێشن
خیانەتی من بەسەر سەری دۆستەکانمدا کڕێوە دەکات
دوو ژن بێشکەیەک بە ناو قوڕدا ڕادەکێشن
لە ناو ئەو هەموو تەرمەدا منداڵێک سەرگەردانە
خۆر لە ناو خۆڵبارانێکی زەرددا کز دەسوتێت
تاریکی‌یەکی چڕ هەناسەی کوندەپەپووەکان سوار دەکات
مانگ لە ناو دوکەڵی گوندەکاندا دەخنکێت
تۆ مەچۆ بۆ شەڕ
تۆ مانگی یەکشەوەیت با لەناو دوکەڵی گوندەکاندا نەخنکێیت
تۆ مەڵێ ناخنکێم،
ئاخر ئەی مانگی بەنازم دەخنکێیت!!
.....
شەڕ هەڵدەگیرسێت
مردووەکان بە کفنەکانیانەوە دێن داوای میراتی خۆیانم لێدەکەن
منیش وەک چەقەڵێکی برسی زمانم دادەچۆڕێت
تۆ مەچۆ بۆ شەڕ
با من و تۆ بە یەکەوە حەشر نەکرێین
با بە یەکەوە گوێمان لە نەفخی سوور نەبێت
تۆ دونیاش ئاو بیبات دەپەرژێیتە سەر ئینجانەکان
تۆ شەبەنگێکی نوور بە دەورتەوەیە
من قافڵەیەک لە پیاوکوژانی خوێنتاڵ بەدوامەوەیە
....
لە خەونمدا تۆ لە باڵکۆنێکەوە کۆڵارەیەک هەڵدەدەیت

دوو سەگی باڵدار وەک دوو تاعونی ڕەش
بەسەرماندا دەفڕن،
ڕێنوار لەسەر پەڵە هەورێک دانیشتووە و نایەتە خوار
من هاوار دەکەم ڕێنوار هۆ ڕێنوار
دەنگم لە بادا دەیبەستێ
دانەکانم وەک مشتێ قەزوان دەڕژێنە کۆشمەوە
بە گریانی من 'حەسیب' لە گۆڕەکەیدا بەخەبەر دێت
ڕێنوار لە سەر پەڵە هەورێک دانیشتووە و گۆرانی دەڵێت:
ئەو باڵکۆنانە، ئەو باڵکۆنانە
هەی داد لە زامی ئەو باڵکۆنانە
ئە و باڵکۆنانە ، ئەو باڵکۆنانە
ڕۆژێک دەمکوژن ئەو باڵکۆنانە
ئەو کچە جوانە هی کێیە ئاو دەداتە برینداره‌کان؟
ئەو کچە جوانە هی کێیە،
دەست دەخاتە سەر هەنیەی دەردەدارەکان؟

...

شەڕێکی گەورە لە شار قەوما بوو
ڕێژنە تەرزەیەکی توورە بەر سەربانەکەمان دەکەوت
کاسەو کەوچکەکانمان پڕ دەبوو لە خۆڵ
باوکم دەیگووت: ئەوە کێیە تەپە تەپ دەکات؟
کاروانسەراکان پڕدەبوون لە ئەسپی غەریب
هەندێک دەیانگوت ڕۆژی حەشرە، ئەها
زەوی بە ناو فەزای ئەبەدیدا ڕۆدەچێ!
هەندێک نوشتەکانیان لە ئاو هەڵدەکێشا
قورعانیان تا زوحەل بەرزدەکردەوە
هەندێکیان تەنەکەیان دەکوتا،
نەفرەتیان بۆ کورە خەتابارەکانیان دەنارد
...
کە تۆ بچیت بۆ شە ڕ
ئەدی کێ گوڵی سەر گۆڕەکان ئاودات؟
بۆ دە چیت بۆ شە ڕ؟
کێ هەیە هێندەی تۆ لێی جوان بێت هەورەکان باوەشێنکات؟
..
وەک عەبدێک لەسەرپلیکانەکان دادەنیشم

وەک سەگی ئاوی لە لیتەدا ڕادەکشێم
بە دزی‌یەوە گەردانەی کچە مامەکانم دەفرۆشم و
فیشەکی پێدەکڕم، دەینێم بە سەرچۆپی کێشەکانەوە
دارتاشەکان لە باخی قەیسیەکاندا دەنێژم
ئینجا کیژە ئاگرپەرستەکان دوعای دنیام لێدەکەن
با دنیا بزانێت من بۆنی زەعفەرانم لە یادچۆتەوە
با دنیا بزانێت من پیاوێکی بەدخووم
...
با برادەرەکانم وەک عەبد هەر لەسەر پلیکانەکان دانیشن
با خوشکەکانم وەک سەگی ئاوی لە لیتەدا ڕابکشێن
با کیژە ئاگر پەرستەکان دوعای دنیام لێبکەن
با دنیا بزانێت کە شەڕ هەڵگیرسا من دەچم بۆ شەڕ
...
دوای شەڕیش
دووای ئەوەی لافاو فانۆس و بەلەمەکان دەبات
دووای ئەوەی ئاگر دەستنوسە گرانبەهاکان دەسوتێنێت
من لەزیندانێکدا پۆکەر دەکەم
لە بەندیەوانەکان دەپاڕێمەوە
چا و جگەرەم بۆ بێنن
لەسەر باسکی خۆم ناوی تۆ دەکوتم
زەمانی خۆم پڕ دەکەم لە خوێن
کە شەڕ تەواو بوو،
یان لە خەستەخانەیەکدا بە زەلیلی دەمرم
یان دەچمەوە گوندەکەی خۆمان
باسی ئەو ڕۆژانە دەکەم
کە شەڕێکی گەورە لە شاردا قەوما بوو
کەس ئاگای لە من نەبوو
کە شەڕ وەک بەچکە ورچێک دەیرەنجاندم
باسی ئەو ڕۆژانە دەکەم، کە من لە شەڕدابووم
ڕۆژێکیان لەسەربازگە خۆڵاوییەکان فیشەکم باردەکرد
ڕۆژێکیان لە بەفردا گۆڕم بۆ هاوڕێ کوژراوەکانم هەڵدەکەند
ڕۆژێکیان چاوی دیلەکانم دەبەست
گۆرانی 'دیسان وادەی تیربارانە'م دەگووت
ڕۆژێکیان زیلم لێدەخوڕی
ژنە تۆقیوەکانم دەگواستەوە بۆ بیابان

کەس ئاگای لە من نەبوو کە شەڕ وەک بێچووە ورچێک
دەیڕەنجاندم
..
دەگەڕێینەوە
با دنیا بزانێت کە شەڕ ئێمەی گۆڕی
دەگەڕێینەوە ئەو قوڕە بشێلین کە باوکان گرتیانەوە
ئەو شەڕە تەواوکەین کە باپیرانمان هەڵیان گیرساند
ئیتر ناڵێین کێ بەم قیامەتە ئێمەی نارد بۆ ئەشکەوت
دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لە پرسەی برادەرەکانمان چا بگێڕین
ئیتر ناڵێین ئەم هەموو تەرمە چۆن بنێژین
دەگەڕێینەوە ئەسپی بەدکاران ناڵ دەکەین
باسی ئەو دیاریانەی دەستگیرانەتی ناکەین کە لێیمان دزرا
دەگەڕێینەوە خەنە دەگرینەوە بۆ پەنجەی خائینان
سێوی کرمێ فڕێدەدەینە ماڵی بووک
نائومێدی دەڕژێنینە ڕۆحی زاوا
باسی ئەو تفانە ناکەین کە بە تەویڵی ژنەکانەوەیە
وەک سەگی قوڕاوی دەگەڕێینەوە
وەک داڵەکەرخۆرە ئێوارەی گەڕەک پڕ دەکەین لە شوومی
دەگەڕێینەوە و دوعای خێر بۆ کەس ناکەین
خۆمان لە هاوڕێکانی منداڵی دەدزینەوە
کە ڕۆحیشمان سەرمای بوو
بە ئێوارە بێمروەتەکان دایدەپۆشین
با دنیا بزانێت
کە شەڕ ئێمەی گۆڕی.
...
2007